# نەخۆشی  سالاسیمیا

## بارگرانی سالاسیمیا

*چۆنێتی ژین و لایەنی دەروونی ئەم نەخۆشییە بەسەر ئەو خێزانانەی کە نەخۆشی سالاسیمیایان هەیە*

**خانمەدکتۆر رۆژگار عبدلله سلیم**



## پوخته

نەخۆشی سالاسیمیا ، نەخۆشییەکی کنێتی یە بەوە جیائەکرێتەوە کە دروستکردنی جۆرە  هیمۆگلۆبینێک یا نییە یان کەمە.کە بە شێوەیەکی بەردەوام  پێویستیان بە خوێن تێکردنە.لەبەر ئەوەی نەخۆشییەکی کۆنینەیە کاریگەری دەروونی لەسەر نەخۆش و باوانیان هەیە.کێشەی منالەکان ئەبنە تەنگەژە ی سۆز و  دەروونی لای باوان



.

لە مەلبەندی سلێمانی ئەم نەخۆشییە ، لە سالی 2006 دا 62 دۆسییەی ئەم نەخۆشانە تاوتوێ کرا و لە سالی 2007 لە مانگی نەورۆز تا مانگی پووشپەردا ـِ: چاومان کەوت بە 139 نەخۆشی سالاسیمیا و بەخێوکەرەکانیان( 77 دایک و 47 باوک) و گفتوگۆیان لە بارەی نەخۆشییەکەوە لە گەل کرا.

لەم چاوپێکەوتن و گفتوگۆیەدا پرس و وەڵامێکی هەڵسەنگێنراویان پێ پڕکرایەوە ، کێش وبالاَی نەخۆشەکان پێورا . بۆ توێژینەوەکە هەردوو دۆسییەی نەخۆش و پرس و وەڵامەکەمان رەچاوکرد. هاوکات چۆنێتی ژین و کاریگەری نەخۆشییەکەمان لە سەر نەخۆش و کەسوکاریان خەمڵاند.

تێکڕای درێژی و کێشی (101) نەخۆش کە لە ژوور تەمەنی(5) ساڵییەوە بوون،بە بەراورد بە کێش و باڵا لە هەمان تەمەندا بە شێوەیەکی لەبەرچاو جیاواز بوون



.

لە لایەکی ترەوە 75% لەوانەی تەمەنیان لە 10 ساڵ کەمتر و 83% کە لە سەروو 10 ساڵەوە بوون ، لایەنی کۆمەڵایەتیان چالاک و ئاوەڵی نزیکیان

هەبوو.لە کاتێکدا 64% ی نەخۆشەکان بە هۆی نەخۆشییەکەیانەوە خۆیان بە جیاواز ئەبینی



.

لە 60% پتری باوانەکان هاوسەری خزمیان هەبوو و96% یان هیچ زانیارییەکیان دەربارەی باری هەڵگری نەخۆشییەکە پێنەوترابوو.

نەخۆشی منداڵەکان کاری لە لایەنی دەروونی باوانەکانیان گردبوو بەتایبەتی دایکەکان . لەگەڵ نەخۆشییەکەدا رانەئەهاتن تا بتوانن فشارەکەی کەم بکەنەوە و باشتر مامەڵەی لەگەڵ بکەن